# ژنان پێشەنگن لە پۆلیسی کۆمەڵایەتیدا



بەغدا، عێراق- پێشڕەو (ڕائید) ئەسیل عەبدولواهب، بە جلوبەرگێکی شینی دەریاییەوە کە بە ئێگویلێتێکی سپی ڕازاوەتەوە، سڵاوێکی سەربازی لە عەقیدێکی هێزی پۆلیسی کۆمەڵایەتی (CP) دەکات لە بەغدا، پێش ئەوەی هەنگاو بنێتە ناو ئۆفیس بۆ دەستپێکردنی ڕۆژەکەی.

یەکەمجار لە خشتەی کارەکەیدا: کۆبوونەوەیەک لەگەڵ تیمەکەی و بەڕێوەبەرەکە بۆ پێداچوونەوە بەو حاڵەتانەی کە لە ڕێگەی هێڵی گەرمی نیشتمانی ناوەندی وەزارەتی ناوخۆوە ڕاپۆرتکراون. کاتێک ئەرکەکان دەدرێن بە کەسەکان، دواتر ئەسیل بەرەو مەیدانەکە دەڕوات بۆ ئەوەی چاوی بەو کەسانەی ئەگەری ئەوەیان هەیە ببنە قوربانی بکەوێت و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. زۆرجار ڕۆژەکە بە دانیشتنێکی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر پۆلیسی کۆمەڵایەتی لە زانکۆیەک یان بازاڕێکدا کۆتایی دێت.



*ئەسیل لەگەڵ هاوکارەکەی نەسرین باسی کارەکانیان دەکەن، بەغدا.*
*© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق 2025 / ئۆلگا بۆرزینکۆڤا*

مۆدێلی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لە عێراق بەردی بناغەیە بۆ گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و ئەفسەرانی پۆلیس، کە دوای چەندین ساڵ لە ململانێ وەک دابینکەری سەرەکی ئاسایش کاردەکەن. ئەفسەرەکان لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکان کاردەکەن بۆ دروستکردنی متمانە، ڕێگریکردن لە تاوان و چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان پێش ئەوەی پەرەبسێنن.

پێشڕەو ئەسیل وتی، "کارەکەم ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی منە بۆ ژیان – خزمەتکردنی کۆمەڵگا. شانازی دەکەم کە یارمەتی خەڵک دەدەم".

ئەسیل لە ساڵی ٢٠١٨ وەک کاپتن پەیوەندی بەو بەشەوە کردووە – کە ئێستا بۆتە بەڕێوەبەرایەتی– ڕاستەوخۆ دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر. سەرەڕای ئەوەی لە خێزانێکی سەربازییەوە هاتووە – باوکی و خوشک و براکانی لە وەزارەتی بەرگری خزمەت دەکەن – هەڵبژاردنی پیشەکەی بۆ خێزانەکەی شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو. لەو کاتەدا شتێکی کەم بینراو بوو کە ژنێک ببێتە پۆلیس.

"براکەم یەکەم کەس بوو کە زانی وەرگیراوم. لو شۆکدا بوو. من تاکە ژن بووم لە بازنەکەماندا کە بڕیار بوو ببمە پۆلیس. ئەوان نیگەران بوون لە کاردانەوەکانی خەڵک و کۆمەڵگا" ئەسیل بیری دێنێتەوە. ئێستا، ئەوان شانازی بە ئەسیل و کارەکەی دەکەن.

لەڕاستیدا تێڕوانینەکە گۆڕاوە و لە ئێستادا زیاتر لە ١٠٠ کارمەندی ژن لە پۆلیسی کۆمەڵایەتی خزمەت دەکەن لە سەرانسەری 14 پارێزگاری عێراق. لەگەڵ پلە بەرزبوونەی ئەم دواییەی بەشی پۆلیسی کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەک لە ژێر وەزارەتی ناوخۆ، ژنانی زیاتر دادەمزرێن، ئەمەش ڕۆڵی ئەوان لە هێزەکانی پۆلیسدا بەهێزتر دەکات.

ئەسیل دڵخۆشە بە بینینی ڕەوتی بەشداریکردنی ژنانی زیاتر لە پۆلیسی کۆمەڵایەتی و زۆرجار لەلایەن ئەو کچانەی کە بەشداری کۆبوونەوەکانی بەرزکردنەوەی-هۆشیاری دەکەن پەیوەندی پێوە دەکرێت؛ ئەو کچانە ئارەزووی ئەوە دەکەن شوێنپێی ئەو بکەون. هێشتا، ئەو ئالانگارییەکانی دامەزراندنی خۆی لە سەرەتای ژیانی پیشەییدا لەبیرە - گومان و کێبڕکێی سەرەتایی لەلایەن هاوکارە پیاوەکانەوە و بێمتمانەیی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە.



*ئەسیل لەسەر مێزەکەی پێش ئەوەی بەرەو کاری مەیدانی بڕوات، بەغدا، عێراق.*
*© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق 2025 / ئۆلگا بۆرزینکۆڤا*

ئەسیل دەڵێت، "ئێستا هاوکارە پیاوەکانم داوای یارمەتی من دەکەن لەگەڵ هەندێک کەیس و دەبینم چۆن هەڵوێستی کۆمەڵگاکە گۆڕاوە بەهۆی بینینی ئەنجامەکان و کەیسە چارەسەرکراوەکان. ئێمە سەلماندوومانە کە ژنانی زیاتر پێویستن لە جێبەجێکردنی یاسادا."

عەسیل ڕۆژانە کار لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی و هەڕەشەکردنی ئۆنلاین دەکات. ئەو شانازیدەکات بە یارمەتیدانی ژنان و منداڵان و داکۆکی لە مافەکانیان دەکات. ئەو گەورەترین پاداشت لە یارمەتیدانی خێزانان دەدۆزێتەوە. لەماڵەوە هێز لە هاندانی هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی وەردەگرێت. ئەو دەڵێت، "هاوسەرەکەم پشتگیریم دەکات و دەیەوێت ببینێت لە پیشەکەمدا پێشبکەوم. منیش وەک زۆرێک لە ژنان زۆر کارم کردووە بۆ هاوسەنگکردنی ژیانی تایبەتی و پیشەیی خۆم- ئەوە ئاسان نییە، بەڵام دەیهێنێت."




*نەسرین ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ پۆلیسی کۆمەڵگەدایە، بەغدا، عێراق.*
*© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق 2025 / ئۆلگا بۆرزینکۆڤا*

"ژنانی عێراق سوپەرژنن." نەسرین، ئەندامی پۆلیسی کۆمەڵگە لە لقێکی جیاوازدا، هەمان ڕای هەیە. " لەم کارەدا خۆم دۆزیوەتەوە – زۆر جێگەی دڵخۆشییە".

ئەسیل و نەسرین هەردووکیان دڵنیان لەوەی کە هەبوونی زیاتری ژنە ئەفسەری پۆلیس یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی متمانەی زیاتر، بەتایبەتی کاتێک کار لەگەڵ کەیسە هەستیارەکان دەکەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق پشتگیری کرددوە لە پەرەپێدانی پلانی بەهێزکردن و پاراستنی ژنانی پۆلیسی کۆمەڵایەتی بۆ ساڵانی 2023 و 2024، هەروەها پشتگیری لە پلانی ستراتیژی پۆلیسی کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی 2024-2026 کردووە. بە پشتیوانی حکومەتی شانشینی هۆڵەندا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بەرەو بەتواناکردنی ژنانی پۆلیسی کۆمەڵایاەتی و بەهێزکردنی پۆلیسی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی سەلامەتر و پارێزراوتر.

*زانیاری پێشینە:*

*ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٢ەوە کۆمەڵەیەکی گشتگیری هاوکاری تەکنیکی پێشکەش بە حکومەتی عێراق کردووە لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی بنیاتنانی توانا، بەرنامەسازیی بەشداریکردنی کۆمەڵگا، شانبەشانی گەیاندنی ئامێرەکان و پەرەپێدانی ژێرخانی بۆ فراوانکردنی مۆدێلی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لەو بوارانەی کە گرنگی ستراتیژیان هەیە.*

*هاوکاری نێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و وەزارەتی ناوخۆ کە هاوبەشێکی سەرەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچە، بە دامەزراوەیی کراوە لە ڕێگەی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنێکی درێژخایەنەوە کە لە ساڵی ٢٠١٥ واژۆکراوە و لە ساڵی ٢٠١٧ نوێکراوەتەوە. پرۆگرامی پۆلیسی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەشدارە لە ئامانجەکانی چوارچێوەی سیاسەتی سەرەکی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لەنێویاندا نەخشەی ڕێگای خزمەتگوزاری پۆلیسی ناوخۆیی، ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی عێراق و ستراتیژی نیشتمانی بۆ چاکسازی کەرتی ئاسایش بۆ ٢٠٢٤-٢٠٣٢.*